# ئەمەیە ماناى دەسەڵات، سەرمایە، ناسیونالیسم و مەزهەب!













عوسمان– م
30.07.2006

ئەمرۆ مرۆڤ بێ قیمەت ترین کاڵای بازاری سەرمایە و سەرمایەدارییە. ناسیونالیسم و دین ئامرازەکانی سیستەمی سەرمایەدارین کە رۆژانە هەزاران مرۆڤی بێتاوان دەکاتە خوراک. تەرمی لەت و کوتی منداڵانی مەعسوم ئاوێنەی راستەقیمەی مێشکی سرانی ئەمرۆی دنیای سەرمایەدارییە.

ئەم دیمەنانەی خوارەوە کوپی مێشکی بلێر، بوش، حەسەن نەسرواللە، بنلادن، ئەحمەدی نژاد، کوفی عەنان، و هاوپەیمانان و نۆکەرەکانیانە. ئەمە سیمای و ناوەرۆکی راستەقینەی نەزمی نوێ و سیستەمی سەرمایەدارییە.

ئەمە ئاکامی دینی یەهوە و ئیسلام؛ وە نەتەوە پەرەستیی عەرب و ئیسرایلە. ئەوەیە کە نەتەوە پەرەستی شەرمەزارییە بۆ بەشەر!
ئەوەیە کە دین ئەفیونی کۆمەڵگای ئینسانی و ئینسانە!

مرۆڤ دەبێ راپەرێ و ئەم درندانە بگرێ! وە بیانبا بۆ باخ و حەدیقەی حەیوانات. ئەم سەرانەی بەرەبەریەت دەبێ لە ناو ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دور بخرێنەوە. ئەمانە نەخۆشن! نەخۆشی سادیست و هیستریکیان هەیە. سرانی ناسیونالیسم و مەزهەب تەنیا بە خوێنی منداڵان کرمی تینویەتیان دادەمرکێ. بە بینینی لاشەی ئەنجن ئەنجن و خوێناوی منداڵان گەشکەی شاهانە دەکەن و سەرمەست دەبن.

مرۆڤ دەبێ رێگا لەم درندانە بگرێ! بۆ رزگاریمان دەبێ لە بەرەی دژ بە شەر و سەرمایە لە ریزی یەکگرتوی مرۆڤایەتیمان راپەرین و مرۆڤ بونمان بپارێزێن. بۆ دیفاع لە کەرامەتی ئینسانیمان، لە ژیانمان، لە خۆمان و منداڵەکانمان لە سەرتاسەری جیهان دەبێ راپەرین و بۆ ئاشتی و بە ئارامی و ئینسانی ژیان یەک بگرین!
بەرە لەوەێکە ئیسلام و جولەکە بین، بەر لەوەیکە عەرەب، کورد، فارس، ئەمریکی، ئوروپی، تورک و... بین، مرۆڤین و دەبێ وەک مرۆڤ بژین!

**تا مەزهەب و قەومیەت پیوەری ژیان و بونمان بێ، تا سەرمایە و سەرانی دینی-ناسیونالیست حاکم بن، قەت لەم مەرگ و شەر و ماڵ وێرانییە رزگارمان نابێ!**